# تازەترین ئێکسسوارەکانی ملـ



**بە هاوکاری ئێکسسواراتی جوجو - هەولێر**

**ئێکسسوارە جوانەکان مایەی هێمنی و ناسکی دەردەبڕن، کە بە شێوازێك دیمەنێکی کراوە و جوان دەبەخشن، ئەگەر بەو پێیەی کە خانمان و کچانی کورد زیاتر گرنگی پێدەدەن، کە جوانیەکان لە خۆیانەوە دروستی دەکەن و وەك داهێنانێك لە بواری جوانکاری کوردی، یەکێك لەو ئێکسسوارانەی کە ئێستا خانمان گرنگی**

# کڵاو و سەروبەست، خانمان ڕازاوەتر دەکەن

کەرەستە کوردییەکان، لەگەڵ مانەوەیان یان پەرەپێدانیان لەلایەن دیزاینەرانی تازەی بواری جوانکاری کوردی و نوێکردنەوەی بەرهەم و ئێکسسوارە کۆنەکان، دەکرێ مۆدەیەکی دێرین و تازەگەری بن لە سەردەمی ئێستادا، ئەمەش بە تایبەت کە لەگەڵ مۆدەکانی سەردەمی ئێستا دەگونجێ و دیمەنێکی رازاوەش پێشکەش دەکەن، یەکێك لەو مۆدە جوانانەی لە پێشوودا بەکاردەهێنرا کە ئێستاش مۆدەی هاتۆتەوە، لەگەڵ ئەوپەڕی جوانی و رازاوەیی خانمانی کورد جوان و رازاوەتر دەکات، ئەویش (کڵاوی سەر و سەروبەستە)، ئەمەش لە چەند قاشە لیرەیەك یان زنجیرێکی بە پارچەی جیاکراو ئامادە دەکرێ و دەخرێتە سەر قژی خانمانەوە، بە تایبەت بەشی پشتەوەی سەر، کە جوانی و مانایەکی رەها دەبەخشێ، بە جۆرێك لەگەڵ دیمەنی تەسریحەی قژەکە خۆی بگونجێنێ و مۆدەیەکی تایبەت تۆمار بکات، لەم شێوە ئێکسسوارەدا، دەکرێ سوودی لێوە وەربگرین بە تایبەت کاتێك لەگەڵ جلی کوردی دەپۆشرێ، کڵاوەکان بۆ کاتی تایبەت و ئاهەنگە بچووکەکانە، سەر وبەستیش بۆ ئاهەنگی بووك و شوێنی گشتی و بۆنە گەورەکان دەپۆشرێن.



# پێڵاوە پاژنە بەرزەکان مۆدەی

پێڵاوەکان لە وەرزی پاییز گۆڕانکارییەکی گەورەیان بەسەردا دێ، ئەمەش بەبۆنەی تازەبوونەوەی مۆدەکانی جلوبەرگ یان شێوازی پۆشاکەکان بۆ گشت خانمان، بەمەش دەبێ بیر لە گۆڕانکاری شێوەی پێڵاوەکانیش بکرێتەوە، کە هێمای جوانی و خانمایەتی بە جەستەی خانمانەوە دەبەخشن، لەم چەند وێنەیەدا دەکرێ تازەترین مۆدەی پێڵاوەکان، کە پێلاوی پاژنە بەرز دەبێتە مۆدەیەکی رازاوە و جوان لەگەڵ شێوازی تازەی پێڵاو لەم وەرزەی گەڵاوەرینەدا.



# دیکۆری ژووری نووسـ



**دیکۆرەکان بەپێی ئامادەکاری و تایبەتمەندی خۆیانەوە دەتوانن هونەری جوانکاری بە ماڵ ببەخشن، ئەمەش لە ڕێگەی مامەڵە کردنەوە لەگەڵ ئەو شێوازەی کە شایستەی دیکۆرێکی رازاوە و جوانە، یەکێك لە گرنگترین دیمەنەکانی دیکۆری ماڵ، بریتییە لە دیکۆری ژووری نووستن بۆ بووك و زاوا، کە هێلانەیەکی تازە و جوانە، دەبێ بەوپەڕی جوانی و رازاوەیی دەربکەوێ، لێرەشدا تیشك دەخەینە سەر ئەو جۆرە دیکۆرەی کە بۆ ساڵی تازە و وەرزی پاییز دەبێتە دیکۆری ژووری نووستن بۆ بووك و زاوا.**

**ئەو جۆرە دیکۆرە بە دیکۆری هێمن و شاراوە ناسراوە، کە لە ژوورێکدا لایەنێك داگیر دەکات و بە شێوازێك کە ئاوێتەی جوانی کەرەستەکانە، ئەمەش بە تایبەت کاتێك رەنگی کەرەستەکان و شێوازی دانانیان بە ڕێگەیەك دەبێ کە سوودمەندە و هۆکارێکی سەرەکیش دەبێ لە رازاوەکردنی ژوورەکە و شوێنی حەوانەوە.**

## ـــــوانكه و گواره له كوردستان





پێـــدەدەن، وەك مۆدەیەكی تـــازە لە مل و گوێچكەیـــان دەخەن، بریتییـــە لەو جۆرە ملوانكـــە و گوارەیە، كـــە هێمایەكی زۆر ناســـك و كراوە دەبەخشـــن، بۆیە دەكرێ لەگەڵ شـــێوازەكانی تـــازەی مۆدەكانی ئێكسسوارەكان بێ، زیاتریش شێوەی گوارە و ملوانكەكە لە هەمان ڕەنگ و شـــێوەوە دروســـت كراوە، ئێســـتاش وەك یەكێك لە باوترین مۆدەكانی ئێكسسوار لە كوردستان دەپۆشرێ و خانمانی كوردیش دەیپۆشن

## تازەی وەرزی گەڵاوەرین دەبێ

مۆدەی لەم جۆرە، بۆ گشت شوێن و كاتەكاندا دەپۆشرێ، بە تایبەت لەگەڵ جلەكانـــی وەك تەنوورە – پانتـــۆڵ- كاوبۆی (جینز)، كە زیاتر لە وەرزی پاییز، مـــۆدەی تەنوورە باو دەبێ، ئەمەش بەهۆی هێمنی و نەرمی وەرزی پاییـــز، كە خۆی دەگونجێنێ لەگەڵ ئەو جۆرە جلەوە، ســـەبارەت بە ڕەنگەكانیش، مەرجدار نییە كە چ جۆرە ڕەنگێك بۆ پێڵاوەكان هەڵدەبژێردرێ، بۆیە خانمان سەربەســـت دەكات لە هەڵبژاردنی شایستەترین مۆدەكانی پێڵاوی لەم جۆرە.





## مۆدەی نینۆكەكان بۆ وەرزی پاییز

مۆدەكانی ئێكسسوار بەپێی وەرزەكان گۆڕانكاری و تازەگەری لە شێوازەكانیان دەردەكەوێ و مۆدەی تازە لە مۆدەی پێشوو كاری جیاكاری بۆ دەكرێ، یەكێك لەو مۆدە تایبەتانەی كە لەگەڵ وەرزی پاییز دەبێتە جوانترین مۆدەكان، بریتییە لە دانانی نەخش و بۆیە بۆ نینۆكەكان، كە لەگەڵ هاتنی وەرزی پاییز، دەكرێ گۆڕانكاری لە شـــێوە و ڕەنگ و بۆیەی نینۆكـــەكان بكەین، چونكە مۆدەی نینۆك لە وەرزی پاییز، جیاوازی هەیە لەگەڵ مۆدەی وەرزەكانی دیكەوە.

بۆ مۆدەی ئەمســـاڵی نینۆكەكان، تازەترینیان دەركەوت ئەویش مۆدەی شێوە (چوارگۆشـــەیی بۆ نینۆكـــەكان) دەبێ، واتە دەبێ شـــێوەی نینۆك خۆی لە شـــێوەیەكی چوارگۆشە نیشـــان بدات، بە پێچەوانەی پێشوو كە دەبوایە شێوەی سێگۆشـــەیی بێ، هەروەها ســـەبارەت بە ڕەنگەكان، دەبێ ڕەنگەكان ئاوێتەی ئـــەو وەرزە بن، واتە لەگەڵ ڕەنگی پاییز نزیك بوونەوە دروســـت بكات، ئەویش ڕەنگەكانی پەمەیی- ســـوور – قاوەیی- شـــین - وەنەوشەیی، كە ئەوانە شای ڕەنگەكان دەبێ بۆ نینۆكەكان لە وەرزی پاییز.

## ـــــتن بۆ بووک و زاوا





## لانک گــ



## منداڵێکی خۆڵ و بەرد خۆر!



دنیای منداڵ پاك و جوانە، كاتێك منداڵ بچووك دەبێ، ئەوەی بكەوێتە ژێر دەستی دەیخاتە ناو دەمییەوە، ئەگەر نەرم و خۆش بێ، دەیخوات، ئەگەر بەدڵی نەبێ، فڕێیدەدا، كەچی ئەو منداڵە تا تەمەنێكی گەورە خولیای خواردنی خۆڵ و بەرد بووە، ئەوەی سەیرە لە تەمەنی بچووكییەوە ئەوكارە دەكات و تا ئێستاش بەردەوامە، ئەو كچە ناوی (ناتاڵی هیریست)ە و تەمەنی (٣) ساڵە و خەڵكی ئەمریكایە، لە ماوەی (٢) ساڵی تەمەنی پێشوودا فێری خواردنی بەرد و خۆڵ بووە، تا ئێستاش رۆژانە بڕێكی لێ دەخوا، بەبێ ئەوەی شتێكی بەسەر بێ.

## بارە دار!



كارێكی كۆنە و تایبەت بە میللەتی كوردە، كە لە سەردەمی پێشوودا وەك سەرچاوەیەكی وزە بەكاردەهێنرا بۆ ئاگر كردنەوە، ئینجا ئەو ئاگرە بۆ زۆر شت بەكاردەهێنرا، زیاتر بۆ گەرمكردنەوە و ئامادەكردنی چێشت و تەندوور و نان كردن، بارە دار بریتییە لەوەی كە ئافرەتان و پیاوانی كورد، بەڵام زیاتر ئافرەتان دەچوون بەرەو شاخ و كێوەكان كە داری لێوە بووایە، ئەوانیش بە تەورێك داریان دەبڕی و دەیان كرد بە بارێك لەسەر پشتیان دادەنا و ئیتر بەرەوماڵیان دەهێنایەوە، ئەمەش یەكێكە لەو كارە قورسانەی كە ئافرەتی كورد پێوەی سەرقاڵ بووە و بەم ماندوو بوونیەوە خەریكی كۆكردنەوەی سەرچاوەی وزە بوون، كەچی ئێستاش كارەكان ئاسان كراون، هەمان ئەو كارە ئێستاش لە گوندەكانی كوردستان درێژەی هەیە، ئافرەتانی دەست و بازوو زێڕین لەسەر ئەو كارە جوانەیان بەردەوامن و داری وشك یان دار لە شوێنە بەرزەكانەوە بەرەو ماڵەكانیان دەهێننەوە و دواتر وەك وزەیەكی گەرمی بۆ كاری خۆیان بەكاریدەهێنن.

## ـــــەورەترین و جوانترین داهێنانی کورد

یەکێك لەو کەرەستە کوردیانەی کە تەنیا زیاتر لەلایەن نەتەوەی کــوردەوە بەکارهێنراوە و تا ئێســـتاش بەکاردەهێنرێ، بریتییە لە (لانك)، یەکێکە لە جوانترین و گرنگترین بیرۆکە کە کورد و بۆ حەوانەوەی منداڵ دایهێناوە کاتێك مناڵ لە تەمەنێکی دیاریکراو دەبێ، زیاتر لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی کە منداڵ جەستەی نەرمە و بە بەســتنەوەی لەناو لانکەوە جەســتەی توند و بەهێز دەبێ، ئەگەر سەیری پشتەوەی سەری مرۆڤی کورد بکەین، جیاوازی هەیە لەگەڵ گشــت جۆرە مرۆڤێکی دیکە، کە پشــتی سەری کــورد یان ئەوەی لەناو لانك دابنرێ، پان دەبێ و بە پێچەوانەی ئەوانەی دیکە کە لارن، ســوودی لانك زۆرە لەوانە: جەســتەی منداڵ توند دەکات، جۆلانەیەکــە بۆ خەواندنی منداڵ، منداڵ دەپارێزی لــە بەربوونەوە و یان بەســەر کەوتن کاتێك بچووکن، ئەوەی جوانە کاتێك ئافرەتانی کورد، لەگەڵ هەژاندنی لانك، بە دەنگە خۆشــەکانیانەوە گۆرانی بۆ منداڵەکانیان دەڵێن یان لای لایەیان بۆ دەکەن.



## فێڵێکی هونەری مرۆڤ سەرسام دەکات

زۆر جار هەندێك لــە دیمەنەکان بەهۆی کارێکی هونەری تایبەتەوە، یــان بە فێڵێك دەبێتە سەرســامی کەســانی دیکە، بــە تایبەت کاتێك دیمەنەکە مێشــکی مرۆڤ بەرەو لایەنێکی دیکە دەبات، نەوەك تیشــك بخاتە سەر راســتەقینەی بابەتەکە، ئەم بەلووعەیەی دەیبینن لە ئاسمان وەســتاوە و کەچی لە خوارەوەشدا ئاوێکی زۆری لێوە دێ، بەبێ ئەوەی ســەرچاوەکەی بە هیچ شتێکی دیکەوە بێ، فێڵەکەش بەم جۆرەیە، ئەو شوێنەی ئاوی لێوە دێتە خوارەوە، لە شووشە دروست کراوە و کە ستوونێکە و لە هەمان ستوون لە خوارەوە ئاو دەچێتە سەرەوە، دواتریش بەسەر هەمان ســتوون دێتە خوارەوە، کەچی ستوونەکە دیار نییە و ئەمەش وادەکات کە مرۆڤ سەرسام بێ بەو شتە سەیرە.




## کراسێکی بووکێنی (٣) کیلۆمەتر درێژە

کراســە جوانەکانی بووك، لەگەڵ ئەوەی بە شــێوەیەکی جوان و رازاوە دروســت دەکرێن، کەچی ئەو کراســە شتێکی تایبەتی هەیە، کە بە شــێوەیەکی زۆر درێژ دروست کراوە، زیاتر لە (٣) کیلۆمەتر، ئەمــەش کاتێك هەردوو بووك و زاوای ئیتاڵی لە شاری (کاســاڵ) توانییان درێژترین کراسی بووك ئامادە بکەن بۆ رۆژی هاوسەرییان، ئەو خانمە بووکە ناوی (ئیلینا دی ئەنگلیز)ە و کچی سەرۆکی ئەو شــارەیە، دوای ئەوەی لەســەر داوای کچەکە کراسێکی درێژی بۆ ئامادەکــرا کە درێژییەکەی زیاتر بوو لە (٣) هەزار مەتر، ئەمەو لە رۆژی ئاهەنگدا، زۆربەی قوتابیانی ئەو شارە خەریکی هەڵگرتنی کراسەکە بوون.



## ئەمەش بووە بە مۆدە!؟

ئەمـــەش یەکێکە لە تازەترین مۆدەکانی داهێنان لە بـــواری جوانکاری، کـــە ماوەیەك لەمەوبەر باسی ئەو جۆرە تاتۆیەمان کرد بۆ ئەوەی ببێتە مۆدەیەك، کەچی وادیارە ئێستا بۆتە مۆدەیەکی باو، ئەویـــش بریتییە لە دانانـــی قردێلە لەناو جەســـتەی مرۆڤ، بە تایبـــەت لەلایەن کچان و خانمانـــەوە کە مۆدەیەکـــی تازە و بەرچاوە لە بواری جوانکاری.



## وتەیەکی جوانی تۆلستۆی!

تۆڵســـتۆی دەڵێـــت .. هەموو خەڵکی بیـــر لە گۆڕینی جیهان دەکەنەوە، بەڵام کەس بیر لە گۆڕینی خودی خۆی ناکاتەوە...

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبـــدە ئەو پیتانەی ناو بازنـــەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی کچە یاریزانێکی کوردت بۆت بۆ دەربچێ .

و ڵ ا گ س ن ت

وەڵامی ژمارەی پێشوو (بادینان)

## مانای شتەکان لە خەون


شـــەکر : شەکر لەخەودا خۆشی و شـــادی و چاکبوونەوەی نەخۆش و نەمانی خـــەم و خەفەت و بەدیهاتنی هیواو ئامانجـــە، ئەگەر ئافرەتیش بێت ئافرەتێکی خانەدانە، ئەگەر کوڕیش بێت ئەو کوڕە زیرەك و داناو زانیارەو بەشداری لە بەهرەو هونەری خەڵکی دیکە دەکات، ئەگەر پارەش بێت پارەیەکی حەڵاڵە، شـــەکر لە خەودا پارەیە، شەکری زۆر ئاژاوەیە، شەکر فرۆشتن باش نییە.

**سەرچاوە: خەوننامە!**




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئـــەم هەفتەیـــە گۆڕانکارییەکـــی بەرچاو لەگشـــت بوارەکانی ژیانتدا دەبینیت، بـــەڵام دەبـــێ بەورياييەوە مامەڵە لەگـــەڵ خێزان و دەوروبەرەکەت بکەیت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەو پڕۆژانـــەی کە دەیخەیتە بەرچاوی دەوروبەرت دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانیان، هەوڵبدە کە دڵی خۆشەویستەکەت ڕازی بکەیت، پێویستە کات بەفیڕۆ نەدەیت بەئاگادارییەوە بڕوانە پڕۆژەکەت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەم ماوەیە گشت تواناکانت بخە گەڕ تا بگەیت بە خەونەکانت، بەهیواوە سەیری دوارۆژ بکە، بۆ هەموو کەسێك دڵساف مەبە، چونکە هەموویان دۆســـتی تۆ نین تا خۆشی تۆیان بوێت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەمـــڕۆ پێوەندیت لەگەڵ خۆشەویســـتەکەت یاخـــود لەگەڵ کەس و کارتـــدا بەرەو خراپی دەچێت، کە ئەمەش وات لێدەکات پەست بیت لەژیان، هەوڵبدە فەرامۆشیان نەکەیت، بەڵکو هەوڵبدە چارەسەری گرفتەکانت بدۆزیتەوە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

گشـــت ئـــەو گۆڕانکارییانـــەی کە لەژیانتـــدا ڕوودەدەن لەبەرژەوەندی تۆدا دەبن، توانایەکی زۆرت هەیە بۆ بەرەو پێشچوون و سەرکەوتن ماوەیەکی باشە بۆبەستنی پێوەندی خۆشەویستی.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لەکارەکانتـــدا گرفت بۆ خۆت دروســـت مەکە، هەروەها لەبواری خۆشەویستیشدا هەوڵـــدە کێشـــە بـــۆ خۆت دروســـت نەکەیت، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی جیابوونەوەتان، هاوڕێیەکت پێویستی پێتە.

## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (ڕەزبەر) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..


| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ڕاناوێکی لکاوە بۆ بەردەوامی بەکاردێ)
- پیتی خانەکانی (٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی نێر)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (چی بە دایکی بەرخ دەگوترێ)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خەم بە زمانی عەرەبی)






**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەو کێشەو گرفتانەی کە ماوەیەکە هەتبوون وردە وردە بـــەرەو نەمان دەچن دەمەقاڵێت لەگەڵ هاوڕێیەکت دەبێ، دەبێ زۆر هێمن بیت تا زۆر نەخایەنێت، خۆشەویســـتەکەت رۆڵێکی ئیجابییانە لە قسەکانت دەگێڕێت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بەهۆی ئەو هەوڵانەی کە ماوەیەك لەمەو پێش ئەنجامت دابوو لەبواری کارەکەتدا، دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆ سوودی لێوەربگریت، ئەو کێشەیەی کە تووشـــت دەبێ وات لێدەکات ئاگات لەخۆشەویستەکەت نەمێنێ.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بەهۆی بەهێزی توانات چەند پرۆســـەیەك ئەنجـــام دەدەیت کە ســـوودێکی زۆرت پێ دەگەیەنێت، لەبواری داراییدا ئاسوودەییەکی زۆر لـــە ڕێگاتە، ژیانی کۆمەڵایەتیشـــت پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**


ئەوەندەی تەماعیت کـــە دەتەوێت بەزووترین کات ببیتە خاوەنی گەورەترین ســـامان و داهات، ئەمەش بۆ هیچ کەســـێك ڕووی نـــەداوە تا بۆ تۆ ڕوو بدات، بۆیە دڵتەنگ دەبیت و فشارێکی زۆر دەخەیتە سەر خۆشەویستەکەت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

تۆ کەســـێکی کە هەمیشـــە بڕوات بەســـەرکەوتنی خۆت هەیە لەگشت بوارەکان، بەڵام ئەمڕۆ لەئەنجامدانی کارێکدا دوو دڵیت، هەوڵبدە زیاتر لەخۆشەویستەکەت نزیك ببیتەوە تا لەئازارەکانی بگەیت.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئەوەندە مێشکت بەشتی پڕوپوچ خەریك مەکـــە، ڕەنگە باری تەندروســـیت روو لەخراپی بێت، دڵی خۆشەویســـتەکەت مەڕەنجێنـــە کـــە دەزانی پێویســـتیت پێیەتی.




ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## ئاسۆیی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردە خاوەن وێنەکە.
٢- خێزانی ئەیوبی پێغەمبەر(پ)- ناوێکی کوڕانە.
٣- ئەکتەرێکی کوردە(پ)- وەکو یەك
٤- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە(پ)- فایەق(ت).
٥- لە کۆییە بە میسری(پ)- ناوێکی کچانە.
٦- پۆشتە(پ)- کانزایەکە (پ).
٧- وەکویەك- قارون(ت).
٨- گۆرانیبێژێکی بیانییە(پ)- نیوەی سەفا.
٩- تۆبـــەE (پ)- خەڵاتێکـــە- خواردنێکـــی بۆنناخۆشە.
١٠- تێل(ت)- درێژترین ڕووبار لە ئاسیا.
١١- ســـەرکردەیەکی ســـوری بوو برای سەلاحەدین ئەیوبی بوو(پ)- گیانلەبەرێکە(پ).
١٢- شـــارێکە لـــە ئەمەریـــکا(پ)- چیایەکـــی کوردستانە.

## ســـتوونی:

١- چیایەکـــی کوردســـتانە- شـــارۆچکەیەکی کوردستانە(پ).
٢- کچە یاریزانێکی تێنسی سەر زەوی بوو.
٣- یانەیەکی ئیسپانییە- نیل(ت).
٤- مەلا مەشـــهور(پ)- ڕووبارێکی ئەوروپییە- پێش نەخۆشی(پ).
٥- ســـێ پیتـــی عـــەدل- کچـــە ئەکتەرێکی میسرییە.
٦- نیر(ت)- نیوەی جین- بەلێ بە فەرەنسی.
٧- جۆرە موشەکێکە(پ).
٨- شارێکە لە ئەوروپا(پ).
٩- کەل وپەلێکی کۆنی کوردەوارییە(پ).
١٠- میر- نیوەی قران- پەیامبەرێکە(پ).
١١- ســـەرکردەیەکی ئەوروپـــی بـــوو.
١٢- پاڵەوانی تۆپی باسکەی ئەمەریکا٢٠١١.




**نوکتە**


- جارێکیان کوڕێك لە دایکە دووگیانەکەی دەپرســـێ، ئەوە چییە لەناو سگت؟ دایکشی پێیدەڵێ: ئەوە منداڵێکە گەر بوو ناوی دەنێین ئاسیا! بۆ بەیانی کوڕەکە دەچێتە قوتابخانە و مامۆستا دەپرسێ: کیشوەری ئاسیا لە کوێیە؟ منداڵەکەش دەڵێ: مامۆستا لەناو سگی دایکمە.

* * *

- کوڕێك بە کچێك دەڵێ: چی دەکەی گەر ماچێکت بکەم؟ کچەکەش دەڵێ: حەددت چییە، ماچێکم بکەی (١٠٠) ماچت لێدەکەمەوە!

**وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش**




**بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە**